# نامەیەکی م. باکووری

ئا: سەرنووسەر

برای خۆشەویستم کاک ئازاد
ئەو کاتەت باش
هاتمە ڕامان و دەستنووسەکەی (بەشی سێیەمی گۆرانیبێژە نەمرەکان) ئیشیان پێی نەمابوو، لای کاک سەرکەوت بوو(١)، بردمەوە.

کاک ئازاد.. حەز دەکەم جەنابت کە یەکێک بووی لەوانەی هانیان دەدام ئەو ژیاننامانەی هونەرمەندە نەمرەکان بنووسم، بەگوێرەی زانیاری و وێنە و بیرەوەری کە لەلام بوون، ئەوەبوو دوو بەشم نووسی.. جا تکا دەکەم بۆ ئەم بەشە- بەشی سێیەم- جەنابت ئەگەر ڕازی بیت، پێشەکییەکی بۆ بنووسی، چونکە جێ پەنجەی تۆ و (ڕامان)، دیارترین سەرچاوەی ئەو کارەمە(٢).. جا ئەگەر ڕەزامەندی جەنابت هەیە، دڵنیاشم دەبێ هەبێ، بە کاوەخۆ و عەجەلەم نییە، چونکە هێشتا ماومە بابەتەکان تەواوکەم، جا چاوەڕوانی قەڵەمە جوان و بە بڕشتەکەت دەکەم ئینشائەڵڵا.. زۆر سوپاس

دڵسۆزتان/ باکووری
٢٠٠٥/٩/٢٥



**(١) مەبەستی لە کاک سەرکەوت، سەرکەوت وەلی یە کە بەڕێوەبەری هونەریی گۆڤاری ڕامانە، من ڕەشنووسی کتێبەکەی م. باکووری کە پێیداچووبوومەوە و دامرشتبووەوە لەلای ئەوم دانابوو بیداتەوە.**

**(٢) ئەو پێشەکییەم بۆ نووسی و لە بەشی سێیەمی کتێبی (گۆرانیبێژە نەمرەکان)دا بڵاوکرایەوە کە لە هەولێر ساڵی ٢٠٠٧ وەک یەکێک لە کتێبە چاپکراوەکانی گۆڤاری ڕامان لە چاپمان دا.**